# مرۆڤ: کۆلانێکی داخراو

## ژیان و بەرهەمەکانی کافکا

تورەجی رەهنەما
و/ لەفارسییەوە: ئارام قەرەداغی



کافکا

سەر لەبەیانییەک کاتێ گریکۆر سامسا (کەسایەتی سەرەکی چیرۆکی مەسخ) بەخەبەر دێ خۆی لەشێوەی مێروویەکدا دەبینێتەوە، بەڵام بەلایەوە ئەم گۆڕانە زیاتر لەوەی شتێکی رواڵەتی بێ نیشانەی گۆڕانێکی دەروونییە. سامسا (کافکا؟) لەجیهانێکی لە مرۆڤایەتی خاڵیدا هەست بە نامۆیی دەکا، نە ئەم دەتوانێ جیهانی خەڵکی تر قبووڵ بکاو نە خەڵکیش دەتوانن جیهانی ئەم قبووڵ بکەن.

سامسا وێنەی مرۆڤی سەرسامی ئەم سەدەیەیە، لەهەمان کاتدا مرۆڤیشەو مێروویەکی تێزەونیش، زیندووشەو کەچی لە جیهانێکدا کە مەعنەویات لەکەمیدایە، جێگای نابێتەوە.

فرانز کافکا رۆژی سێی تەمووزی (١٨٨٣) لە خێزانێکی جوولەکە لە شاری پراگ هاتە دنیاوە. باوکی خەڵکی کوێرەدێیەکی ناوچەی بۆهیمیا (چیکۆسلۆڤاکیا) بوو و دوکانێکی گەورەی هەبوو. شتومەکی لوکسی تێدا دەفرۆشت وەک جلوبەرگ و چاویلکەو چەترو داردەست و شتی لەوجۆرە. دایکیشی لە خێزانێکی دەوڵەمەندو رۆشنبیری بەشی کۆنی شاری پراگ بوو. دایک و باوکی کافکا ئەیلوولی (١٨٨٢) ببوون بە هاوسەری یەک.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا پراگ شارێکی گەورەی چوار سەدو پەنجا هەزار کەسی بوو. جگە لە چیکییەکان ژمارەیەکی زۆریان جوولەکە و نزیکەی سی و پێنج هەزار ئەڵمانی لەم شارەدا دەژیان. هەرچەندە ژمارەی ئەڵمانییەکان زۆر نەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی هێشتا چیکوسلۆڤاکیا لەژێر فەرمانڕەوایی ئەمسادا بوو، ئەمانە دەوریان زۆر بوو، هەر لەبەرئەوەش بوو دایک و باوکی دوور بینی کافکا هەوڵیاندا منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانەی ئەڵمانی. کافکای منداڵیش بەر ئەم چارەنووسە کەوت.

لە قوتابخانە کافکا منداڵێکی گۆشەگیرو کەنار بوو، زۆر تێکەڵاوی هاوڕێکانی نەدەبوو. ئەمەش بەهۆی جۆری پەروەردەی خێزانەوە بوو، بەتایبەتی باوکی کە زۆر سەخت گیر بوو و بەردەوام حوکمی بەسەر کوڕەکەیدا دەکردو نەی دەهێشت زۆر قسە بکا. کافکا لە نامەیەکی درێژدا (ساڵی ١٩١٩) ئەم زوڵم و خۆسەپاندنەی باوکی بۆ باوکی دەگێڕێتەوە.

دایکی فرانز ژنێکی تێگەیشتوو و میهرەبان بوو، هەوڵی دەدا کەشوهەوایەکی ئارام لەماڵەوە بخولقێنێ، بەڵام بەهۆی زەبروزەنگی هاوسەرەکەیەوە کەمتر ئەمەی بۆ دەکرا. باوکی کافکا کابرایەکی خۆسەپێن و مەغروور بوو، هیچ گرنگی بە کیانی ناسکی کوڕەکەی نەدەداو بەردەوام بە رەفتاری بێ حساب ئازاری دەدا. ئەم هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەی فرانز هەر لەمنداڵییەوە کەسێکی گۆشەگیرو خۆخۆرەوەی لێ دەربچێ و تێکەڵاوی خەڵکی نەبێ.

پاش قۆناغی سەرەتایی، فرانز چووە ئامادەیی کە لە بەشی کۆنی شاری پراگ بوو و هەموو وانەکانی بە ئەڵمانی بوو. کەشوهەوای قوتابخانە وشک و پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستاکان ساردو رەسمی بوو. فرانز کە زۆر لەم مەسەلەیە بێزار بوو، تەنیا چارەی لە پەنا بردنە بەر کتێبدا دۆزییەوە هەر لەم سەردەمەوە بەرهەمی نووسەرو فەیلەسووفە ئەڵمانییەکانی ناسی.

ساڵی (١٩٠١) لە زانکۆی پراگدا لەبەشی یاسا ناوی خۆی نووسی، بەڵام زۆری نەبرد تاقەتی لە خوێندنەوەی دەقە وشکە یاساییەکان چوو و وازی هێنا. پاشان رووی کردە وانەی ئەدەبیاتی ئەڵمانی و مێژووی هونەر، بەڵام پاش ساڵێ وازی لەمەیش هێناو گەڕایەوە بەشی یاسا. یەکێ لە رووداوە گرنگەکانی ئەم رۆژگارەی ژیانی کافکا ئاشنایەتی لەگەڵ (ماکس برۆدا) پەیدا کرد کە دواتر بووە هاوڕێیەکی نزیک و تا کۆتایی ژیانی کافکا بەردەوام بووە.

ساڵی (١٩٠٦) کافکا دکتۆرای یاسایی وەرگرت و بۆ ماوەی ساڵێک لە نووسینگەی یاسایی خاڵی دەستی بەکار کرد. ساڵی (١٩٠٨) بوو بە کارمەندی فەرمانگەی بیمەی رووداوی کرێکارانی پراگ و تا خانەنشینی هەر لەوێدا مایەوە.

ئابی (١٩١٢) کافکا ئافرەتێکی ناسی کە لەژیانیدا رۆڵێکی گرنگی بینی. ئەم ژنە کە لە ئەڵمانییەکانی دانیشتووی پراگ بوو، ناوی فلیسەبۆبەر بوو.

فلیسە ژنێکی ئاسایی بوو، بەپێچەوانەی کافکاوە، تەنیا حەزی لە ژیانێکی خۆش و بێ تەنگوچەڵەمە بوو. ئەم دووانە لەرووی دەروونییەوە هیچ پایەیەکی هاوبەشیان نەبوو. کافکا لەنامەیەکیدا بۆ فلیسە باسی ئەمە دەکات «... لای خەڵکی ژن هێنان گەورەترین و دوا پارووی چەورە، بەڵام من وانیم. بەلای

منەوە ژن هێنان بازرکانی نییە کە رێکەوتن نامەکەی هەموو ساڵێ درێژ بکرێتەوە. من پێویستیم بە ماڵێکی هەمیشەیی نییە تا لەپێناویدا تەسلیمی ئەم بازرکانییە ببم. نەک هەر پێویستم بە ماڵێکی لەوجۆرە نییە، بگرە لێشی دەترسم. من عاشقی کارەکەمم.»

لە نامەیەکی تردا کافکا داهاتووی ژیانیان بەم جۆرە بۆ فلیسە نەخشە دەکێشێ: «لە ژیانی ئێمەدا هیچ گفتوگۆیەکی ئارام نابێت، تۆ لەکەناری پیاوێکدا ژیانت بەسەر دەبەی کە دەمارگیر، دڵ ناسک، گۆشەگیرو نەخۆشە، پیاوێک کە بە زنجیری نەبینراو بەستراوە بە ئەدەبیاتی نەبینراوەوە و هەرکە مرۆڤێکی لێ نزیک دەبێتەوە هاواری لێ هەڵدەسێ. هاواری لێ هەڵ دەسێ، چونکە وا دەزانێ ئەو مرۆڤە هاتووە دەسکاری زنجیرەکەی بکا...»

پاش یەک ساڵ هاوڕێیەتی لەگەڵ فلیسەدا، کافکا بڕیاری دا واز لەم دەزگیرانەی بێنێ و بەتەنیایی ژیانی تەرخان بکا بۆ ئەدەب. شایەنی باسە هۆکارێکی تری ئەم بڕیارە ئەوە بوو باوکی کافکا لەم بارەیەوە بەردەوام گاڵتەی بە کوڕەکەی دەکردو نەیدەهێشت ئەو کچە بخوازێ. ئەم دووانە دووساڵ دواتریش دیسان بوونەوە بە دەزگیران، بەڵام ئەمجارەش زۆری نەخایاند. جگە لەوەی وتمان بەم دواییە کافکا دووچاری نەخۆشی سیل بوو بوو و دڵنیابوو لێی دەرباز نابێ. کافکا لە نامەیەکدا بۆ باوکی فلیسە، دەنووسێ: «تۆ کچەکەت دەناسی کچێکی چالاک و تەندروست و پشت بەخۆ بەستووە.... بەڵام من کەسێکی کەم دووم، رووگرژو تەنگە چیکلدانەم، نەخۆشم و تاقەتی تێکەڵاوی خەڵکم نییە.... ئایا کچەکەی تۆ- کە بەو سروشتە ساغەیەوە، توانای بەدی هێنانی هاوسەردارییەکی خۆشبەختانەی هەیە- پێویست دەکا لەگەڵ کەسێکی وەک من بژی؟ ئایا ئەو دەتوانێ بەرگەی ژیانی وەک گوزەرانی رەبەنەکانی دێر بگرێ؟»

ساڵی (١٩١٤)کافکا دەستی دایە نووسینی رۆمانی (دادگایی). تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ چیرۆکی (لەناو حوکم دراوەکاندا)ی نووسی و سەرەنجام رۆمانی (ئەمەریکا)ی تەواو کرد.

کافکا ئەگەرچی چواردە ساڵی رەبەق لە فەرمانگەی بیمە کاری دەکرد، بەڵام لێی بێزار بوو. دڵخۆشی کافکا تەنیا ئەوکاتە بوو کە ئەوێی بەجێ دەهێشت و دەگەڕایەوە ماڵ بۆ نووسین. ئەو ئازارەی کافکا لەم کارەیدا لەبیمە چەشتوویەتی لەباس کردن نایەت، مەگەر لە رۆمانەکانیدا کاریگەری ئەم ئازارە ببینین و هەستی پێ بکەین، کافکا لای وابوو لەسەر نیشەکەی وەک (ئاژەڵێکی کێوی)یە کە خەڵکی هەمیشە بە دوایەوەن. کەچی سەیر لەوەدایە کارمەندێکی رێکوپێک بوو و هەرگیز خۆی لەم کارەی نەدەدزییەوە کە وەک گۆڕ وابوو بۆی. هیچ کاتێکیش بیری لە کۆڕینی کارەکەی نەکردەوە.

کۆتایی (١٩١٦) و سەرەتای (١٩١٧) کۆمەڵە نووسینی (پزیشکی گوند)ی دارشت کە بابەتی زۆربەی پارچەکان بریتییە لەباسی بێ توانایی مرۆڤ لە بەدی هێنانی ئامانجەکانیدا.

کۆتایی (١٩١٨)، بۆ ماوەی شەش هەفتە چووە نەخۆشخانەیەکی سیل لەشلێزنی نزیک پراک. ئەم چوونەی دوو کەڵکی هەبوو: یەکەمیان کەمێ تەندروستی باشتر بوو، دووەمیان ژنێکی ناسی بەناوی یولی ڤیرچیکەوە.

ئەم هاوڕێیەتییەش زۆری نەخایاندبوو بە دەزگیرانداری، بەڵام ئەمیش پاش ماوەیەکی کەم هەڵوەشایەوە.

سەرەتای (١٩٢٠) کافکا بووە هاوڕێی ژنێکی تر کە ناوی (میلینە) بوو.

ئەم ژنە ژنێکی رۆشنبیرو ناسراو بوو لە کۆڕە ئەدەبییەکانی پراگدا.

میلینە شارەزای ئەدەبیاتی ئەڵمانی بوو، بەنیاز بوو بەرهەمەکانی کافکا وەربگێڕێتە سەر چیکی. هاوڕێیەتی ئەم ژنە نەک باری دەروونی کافکای باشتر نەکرد، بەڵکو بووە هۆی خراپ بوونی نەخۆشییەکەی و ناچاری کرد جارێکی تر بۆ ماوەی نۆمانگ لە نەخۆشخانەی سیلدا داخڵ ببێ.

ئەیلوولی (١٩٢١) کافکا گەڕایەوە پراگ و دەستی کردەوە بەکار لە فەرمانگەکەی، بەڵام نەخۆشییەکەی هەر بەردەوام بوو، سەرئێشەو کۆکە بەرۆکی بەر نەدەدا. بێ خەویش سەری تێکرد بوو. سەرەنجام داوای خانەنشینی کردو لەبەر باری تەندروستی لێی قبووڵ کرا.

ساڵی (١٩٢٢) رۆمانی بەناوبانگی (کۆشک) و چیرۆکەکانی (هونەرمەندی برسێتی) و (کنەی سەگێک)ی نووسی، بەڵام هیچکام لەم بەرهەمانە لە ژیانی کافکادا بڵاونەکرانەوە.

کافکا بەهاری (١٩٢٣) لە پراگ بوو، بەڵام بەهۆی نەخۆشییەوە ناچار بوو زۆربەی کات لەناوجێدا بەسەر بەرێ. تەمووزی (١٩٢٣) کەشتێکی کەنارەکانی دەریای باڵتیکی کرد بۆ حەوانەوە. لەوێ ئاشنایەتی لەگەڵ کچێکی جوولەکەدا پەیدا کرد کەناوی دۆرادیمانت بوو، کە زۆر حەزی لە فێربوونی زمانی عیبری بوو. وردە وردە کافکا دڵی بەم کچەدا چوو و بڕیاربدا لەگەڵی بژی. بڕیارباندا بچنە بەرلین و پاش ماوەیەک چوونە ئەوێ، بەڵام بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە کافکا ناچار بوو پاش شەش مانگ بگەڕێنەوە بۆ پراگ بۆ چارەسەر.

سەرەتای نیسانی (١٩٢٤) کافکا گوێزرایەوە بۆ ڤیەننا و پاشان بۆ نەخۆشخانەیەکی ئەو نزیکانە. بەدرێژایی ئەم ماوەیە دۆرا لەگەڵ کافکادا بوو پەرستاری لێ دەکرد. رۆژی سێی حوزەیرانی (١٩٢٤) کافکا ماڵئاوایی لە جیهان کرد.

لێکۆڵینەوەی بەرهەمەکانی کافکا کارێکی دژوارە، چونکە دەکرێ لە زۆر پێوەندانگەوە بخرێنە ژێر باسەوە. ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین بەپێی توانا وێنەیەکی گشتی بەرهەمەکانی بخەینە روو. لەبەرهەمەکانی کافکا سێ رۆمانەکەی دەبێ لە ریزی پێشەوە باس بکرێن یانی (ئەمەریکا- ١٩١٢)، (دادگایی- ١٩١٤)و (کۆشک- ١٩٢٢).

کەسایەتی سەرەکی رۆمانی ئەمەریکا لاوێکی شازدە ساڵەیە بەناوی (کارل) کە کارەکەرەکەیان چووەتە بن کلێشەی و سکی لێی پڕ بووە، لەبەرئەوە باوک و دایکی کوڕەکەیان رەوانەی ئەمەریکا دەکەن. کارل پێش ئەوەی بگاتە نیۆیۆرک لە ژووری کاپتنی کەشتییەکەدا چاوی بە خاڵی خۆی دەکەوێ کە سی ساڵە لە ئەمەریکا دەژی و ئاگاداری هاتنی کارلە. خاڵی کە کابرایەکی دەوڵەمەندو ناسراوە، کارڵ لەگەڵ خۆی دەباو لەماڵی خۆیان ژوورێکی دەداتێ و داوای لێ دەکا فێری زمانی ئینگلیزی و سیستەمی کۆمەڵگای مامەڵەچی ئەمەریکا ببێ.

شەوێکیان کارڵ لەماڵی خاڵی ئاشنایەتی لەگەڵ کابرایەکی بانقدار دا پەیدا دەکاو دەعوەتی دەکا بۆ ماڵەکەی لە ئێلاق (هەوار). کارڵ داوەتەکە قبووڵ دەکاو دەڕوات، بەڵام لەرێ نامەیەکی لە خاڵییەوە پێ دەگا کە تیایدا دەڵێ ئیتر بۆت نییە

سەر بکەبتەوە بە ماڵی مندا.

کارڵ شەوێک لە ئوتێل بەسەردەباو دوو کابرای لانەواز دەبن بە ئاسیاوی و بەڵێنی پێ دەدەن کۆمەکی بکەن تا کارێک بۆ خۆی پەیدا بکا، بەڵام کارڵ زوو پەی بەوە دەبا کە ئەمانە فێڵبازن و بەنیازی خەڵەتاندنین و وازیان لێ دەهێنێ. دواتر هەر لە ئوتێلەکەدا دەبێ بە مەئمووری ئەسانسۆر (مصعد) و وا هەست دەکا دەرگای بەختی لێ کراوەتەوە، بەڵام بەهەڵەدا چووە:

لە کۆمەڵگای مامەڵەچیدا هەرگیز پیاو بەختیار نابێ، دەبێ هەمیشە ملکەچ و بەسەبر بێ.

نیتر ئەوەو دوای رۆمانەکە باسی سەرکەردانی کارڵە لە ئەمەریکادا.

رۆمانی ئەمەریکا بەرهەمێکی رەخنەگرانەیەو جیاوازی نێوان چینی کرێکارو سەرمایەدار باس دەکا. لە کۆمەڵگای ماشێنی ئەمەریکادا کەس خاوەنی ئیرادەی خۆی نییە؛ لەوێ مرۆڤ وەک سەمونەو برغو وایە و دەکرێ بە ئاسانی بگۆڕدرێن.

هەرچەندە کافکا ئەمەریکای نەدیبوو، بەڵام رەنگە مەیلی ئەو بە سۆشیالیزم و چینی کرێکار هۆی سەرەکی نووسینی ئەم رۆمانە بووبێ.

گوستاڤ یانۆش نووسەری کتێبی (گفتوگۆ لەگەڵ کافکا) لەدەمی کافکاوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: (لە سەرمایەداریدا هەموو شتەکان بەیەکەوە بەستراون، هەرچی شت هەیە لە زنجیردایە).

رۆمانی (دادگایی) بەم رستەیە دەست پێ دەکا: (دەبێ یەکێ تۆمەتی بۆ یوزیف ک. هەڵبەستبێ، چونکە بێ ئەوەی هیچ کارێکی نایاسایی کردبێ بەیانییەکیان قۆڵبەستیان کردووە.)

پاڵەوانی (دادگایی) کارمەندێکی لاوە کەلە ئەپارتمانێکدا دەژی. بەیانییەکیان کەهێشتا لە خەودایە، کابرایەکی نەناس خەبەری دەکاتەوەو پێی دەڵێ لەژێر لێپرسینەوەی یاسادایەو دەبێ خۆی بە دادگا بناسێنێ.. یۆزیف دوای چەند رۆژێک دەچێتە دادگاو هەوڵ دەدا بە زمانێکی کەرم بێ گوناهی خۆی بسەلمێنی، بەڵام سەرۆکی دادگا پێی دەڵێ: قسەکانت نەک هەر کار لە بڕیاری دادگا ناکا، بەڵکو گومانی لەسەری زیاتر کردووە. یوزیف مۆڵەت دەدرێ دادگا بەجێ بهێڵێ، بەڵام بەو مەرجەی لەکاتی پێویست خۆی بگەیەنێتە دادگا. بەم جۆرە دادگاییەکەی درێژە دەکێشێ و کابراش لەگەڵی رادێ، بەڵام دادگای دوایی یوزیف دادگایەکی ئاسایی نییە، چونکە نە قازی دەبینێ و نە هۆیەکانی تۆمەتبار کردنی دەزگیر دەبێ.

بەم جۆرە چەندین مانگ تێ دەپەڕێ و یوزیف ناچارە سەبر بکا. رۆژێکیان سەرۆکی ئەو بانکەی یوزیف کاری لێ دەکا داوا لە یوزیف دەکا شار نیشانی مەعمیلێکی ئیتالیایی بدا. یوزیف بەدڵی دەبێ و بڕیار دەدەن لە کەنیسەی گەورەی شارەکەدا یەکتری ببینن. یوزیف لەکاتی خۆیدا دەچێ، بەڵام کابرای تر نایەت، بۆیە ئەمیش لە حەوشەی کڵێساکەدا دەست دەکا بە پیاسە. لەپڕ گوێی لەدەنگی کەشیشێک دەبێ دەڵی بەم زووانە بڕیاری دادگا دەردەچێ و تۆ مەحکووم دەکرێی. پاشان کەشیشەکە بەسەرهاتی کابرایەکی گوندنشینی بۆ دەگێڕێتەوە کە لەبەردەم (یاسا)دا وەستاوەو ناتوانێ بچێتە ژوورەوە. یوزیف هیچ سەر لەقسەی کابرای کەشیش دەرناکا.

سالێکی تریش تێ دەپەڕێ و بڕیاری دادگا دەرناچێ سەرەنجام لەشەوی سی و یەکەمین ساڵە رۆژی لەدایکبوونیدا دوو کەس دێن لەماڵ دەری دەکەن و دەیبەن لەکەناری شار لە قەراغی چەمێکدا درێژی دەکەن. یەکێکیان دەست دەنێتە بینی و ئەویان کێردێک دەکا بەسەر دڵیدا. بەم جۆرە یۆزیف دەمرێ بێ ئەوەی پەی بە گوناهی خۆی بەرێ.

لەکاتی خوێندنەوەی (دادگایی)دا خوێنەر بەردوام لەخۆی دەپرسێ دەبێ چ دەزگایەک حوکمی پەیگیری یوزیفی دەرکردبێ! هەرچەندە وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، بەڵام رامان رەنگە بمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە هۆی گیرانی یۆزیف گوناهێکی زیهنییە! یانی خودی یۆزیفەکە خۆیی تۆمەتبار کردووە. ئەگەر ئەم بۆچوونە قبوڵ کەین دەبێ بڵێین ئەو دادگایەش کە تاوانباری کردووە هەر دروستکراوی مێشکی خۆیەتی. خاڵێکی تریش کە پشتی ئەم بۆچوونە دەکرێ ئەوەیە کە کۆبوونەوەکانی دادگا رۆژانی پشوو دەبەسترێ و تازیش نایەتە بینین.

پرسیارێکی تر: ئایا یۆزیف قوربانییەکە لە جیهانێکی زاڵمدا یاخود جیهان بریتییە لە دادگایەک بۆ دادگایی کردنی مرۆڤ؟ بە واتەیەکی تر: ئایا یۆزیف لەبەر ئەوەی مرۆڤێکی کۆمەڵایەتییە، تاوانبارە یاخود باس لە (گوناهێکی ئەزەلییە) کە مرۆڤ کردوویەتی؟ رەخنەگران هێشتا وەڵامێکی وردی ئەم پرسیارانەیان نەداوەتەوە.

سێیەمین رۆمانی کافکا (کۆشک)ەو تارادەیەک لە چیرۆکی (لەبەردەم یاسادا) دەچێ. بابەتی رۆمانەکە بە کورتی ئاوایە: شەوێکی زستان نەناسێک بەناوی (ک). دەگاتە گوندێکی بەبەفر داپۆشراو. لەم گوندەدا کۆشکێک هەیە کە نەجیب زادەیەکی تێدا دەژی. کابرا لە چاخانەی گوندەکەدا خۆی وەک نەخشەکێش دەناسێنی و دەڵێ گوایە لەلایەن کۆشکەکەوە راسپێردراوە لەناو دێدا کار بکا، بەڵام قسەکانی ئەم کابرایە دروست نین، ئەو لەراستیدا دەیەوێ خۆی بگەیەنێتە ناو کۆشکەکە. ئەگەرچی بۆ ئەم مەبەستە هەوڵێکی زۆر دەدا، بەڵام سەرکەوتوو نابێ. سەرەنجام تەنیا ئارەزووی کابرای نەناس دەبێتە مانەوە لەنزیکی کۆشکەکەو بەسەر بردنی زستان لەو ناوەدا. هەرچەندە ئەم ئارەزووەی دێتە دی، بەڵام بەهۆی لەدەست دانی هێزوتینی لەشیەوە کیانی لەدەست دەدا.

ئایا ئەو گوندەی کابرای نەناسی بۆ دەچێ. رەمزی جیهانە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نییە. ئەگەر واش بێ ئەوا خەڵکی گوندەکە گیرۆدەی جیهانێکی ساردو زستانێکی بێ کۆتایین، لەوێ بەهار بوونی نییە، جارجار لە خۆشترین رۆژەکانی ساڵیشدا بەفر دەبارێ.

ئەی کۆشکەکە؟ ئەگەر گوندەکە رەمزی جیهانە، ئەی کۆشکەکە چییە؟ رەمزی خودایە؟ رەمزی جیهانی دەروونییە؟ رەمزی حەقیقەتە؟ یا هیچ لەمانە؟ باشتر وایە ئێمە وەڵامی ئەم پرسیارانە نەدەینەوە: کێ دەتوانێ بڵێ تەنیا بۆچوونی من لەم بارەیەوە راستە؟

کامۆ وتوویەتی (دادگایی) نەخۆشی رۆژگاری ئێمە نیشان دەدا و (کۆشک)یش چارەسەرەکەی. بۆچوونی کامۆ ئەوەیە کە پاڵەوانی (کۆشک) هیچ نەبێ هەوڵ دەدا چارەیەک بۆ رزگاربوون بۆ گەیشتن بە کۆشک بدۆزێتەوە، کەچی پاڵەوانی (دادگایی) هیچ هەوڵێکی ئەوتۆ نادا تۆمەتەکە لەمل خۆی بکاتەوە. بە بڕوای کامۆ رێگەی رزگاری مرۆڤی ئەم سەردەمە تا لەم کۆششەدایە.

جگە لەوسێ ڕۆمانەی باسمان کردن، کافکا ژمارەیەکی زۆر کورتە چیرۆکیشی هەیە کە ئێمە لێرەدا باسی سیانیان دەکەین (مەسخ- ١٩١٢)، (پەیامی قەیسەرانە- ١٩١٩) و (هونەرمەندی برسێتی- ١٩٢٢).

پاڵەوانی چیرۆکی (مەسخ) واتە گریگۆر سامسا کارمەندی گەڕۆکی فەرمانگەیەکە و لەکاردکەی بێزارە، تەنیا لەبەر ئەو پارە کەمەی لێی دەسگیر دەبێ، درێژە بە کارەکەی دەدا، بەڵام سامسا لە ژیانی ماڵەوەشی ڕازی نییە: «چ کارێکم بۆ خۆم هەڵبژاردووە! هەموو ڕۆژێ ئیش، هەموو ڕۆژێ سەفەر! ئەم گیروگرفتانە هێشتا لەسەر ئێشەی ماڵەوەش زیاترن.»

سامسا چی لەدەست دێ؟ لە دنیایەکی ساردو بێ گیانی وادا دەتوانێ چی بکا؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لە یەکەم دێڕی چیرۆکەکەدایە: «بەیانییەکیان کاتێ گریگۆر سامسا لە خەوە ناخۆشەکەی خەبەری بووەوە، لەناو جێگەکەیدا خۆی بەشێوەی مێروویەکی گەورە بینی.» بەم گۆڕانی ڕواڵەتە نامۆیی سامسا لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا زیاتر دەبێ: نە ئەو چیتر دەتوانێ لە خەڵکی تێ بگاو نە خەڵکیش دەتوانن لە وەزعی ئەو تێبگەن. ئێستا لە میانەی ئەوو جیهانی دەوروبەریدا دیوارێکی بڵند کێشراوە کە تێپەڕین پیایدا مومکین نییە. ئایا شێوە گۆڕین و مەسخ بوونی سامسا جۆرێکە لە واقیع راکردن؟ ئایا جگە لە مەسخ بوون چارەیەکی تر نییە بۆ ژیان؟

سامسا ماڵێکی وێرانە، کۆڵانێکی داخراوەو مێرددزمەیەکی بێ کۆتاییە. لە (مەسخ)دا پێوەندییە مرۆییەکان ساردەو پێوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر درۆ بەندە. ئەم پێوەندییانەش لە خێزانی سامسادا هەر بەو جۆرەن. خێزانەکەی تەنیا لەبەرئەوە سامسایان دەوێ، کار دەکاو دەسکەوتەکەیان دەداتێ، ئەگینا هیچ دڵبەستەگییەکیان لەگەڵی نییە. تەنانەت خوشکەکەشی کە لە هەموان زیاتر خاتری دەوێ، بە باوکی دەڵێ: «بابە، تەنیا چارە ئەوەیە گریگۆری ملی بشکێنێ.» لە وەزعێکی ئاوادا چارەی سامسا چییە؟ وەڵام ئاشکرایە! مردن. لە (مەسخ) دا مرۆڤ دەگۆڕێ بە مێروویەکی قێزەون. بڵێی کافکا بیەوێ بڵێ لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکانی ئەمڕۆدا مرۆڤ بووە بە ئاژەڵ! لەوەدەچێ وەڵامی ئەم پرسیارە -هیچ نەبێ بەلای نووسەرەوە- بەڵێ بێ.

چیرۆکی (پەیامی قەیسەرانە) بە رستەیەکی درێژ دەست پێ دەکا: «دەڵێن قەیسەر بۆ تۆ، بەس بە تەنیا بۆ تۆ، بۆ تۆ بەندەی بێ نرخ، بۆ تۆ کە لەبەردەم هەتاوی قەیسەریدا بەرەو دوورترین جێگا هەڵاتووی، تەنیا بۆ تۆ لە سەرەمەرگەوە پەیامێکی ناردووە.» ناوەرۆکی ئەم پەیامە مەعلووم نییە، چونکە قەیسەر داوای لە قاسید کردووە (بیچرپێنی بەگوێیدا.) ئینجا پەیامبەر دەکەوێتە رێ و ئەگەرچی کابرایەکی (بەهێزو ماندوونەناسە)، بەڵام لەبەر ئەو هەموو کۆسپەی دێتە رێی ناتوانێ پەیامەکە بەگوێگر بگەیەنێ، بەڵام «تۆ لەبەردەم پەنجەرەکەتدا دانیشتوویت و کە شەو دادێ لە خەیاڵی پەیامەکەدای.»

چیرۆکی (پەیامی قەیسەرانە) نموونەیەکی چاکی شێوازی نووسینی کافکایە، شێوازێک کە تیایدا زەمان و ناوەرۆک بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەگەڵ یەکدا گونجاون. بۆ تێگەیشتنی ئەم مەسەلەیەش لێکۆڵینەوە پێویست نییە، یەکەم رستەی چیرۆکەکە قسەی سەرەوە پشت ڕاست دەکاتەوە: رستەی درێژی «دەڵێن قەیسەر....» سەرەتا بە «پەیامێکی ناردووە.» کۆتایی دێت و نیشاندەری ئەو کۆسپانەیە کە لەبەردەم پەیامبەرەکەدایە. هاتنی پێنج جار ڕاناوی کەسی (تۆ) لەیەک رستەداو هەبوونی چەندین فاریزە نیشانەی ئەوەن کە رێگای پەیامبەرەکە تەخت نییە و زەحمەتە بگاتە جێ، بەڵام دەبێ ئەو (تۆ)یە کە چاوەڕوانی گەیشتنی پەیامەکەیە کێ بێ؟ ئایا ئەو کەسەیە کە لەبەردەم پەنجەرەکە دانیشتووە؟ ئایا نووسەر خۆیەتی؟ ئایا ئێمەین؟ بەکەمێ تێڕوانین دەردەکەوێ لەم چیرۆکەدا سنوورێکی دیاریکراو لە نێوان کەسەکاندا نییە، واتە لە پشت (ئەو)ەوە (تۆ)ش و (ئێمە)ش شاراوەین. ئایا ئەم مەسەلەیە دەری ناخا کە لە کەشی چیرۆکەکەی کافکادا هەموو شتێ لە گۆڕاندایە و سنوور لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا نییە؟ پێ دەچێ تێگەیشتن لەم خاڵە هەنگاوێکی گەورە بێ بۆ تێگەیشتنی بەرهەمەکە. دیارە قەیسەر کەسایەتییەکی خەیاڵییەو بەلای کافکاوە رەمزێکە، بەڵام رەمزی کێ؟ بە تێڕوانینێکی کەم دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە: رەمزی خودا، ئەو خودایەی کە لە جیهانی بێ گیانی ئێمەدا - وەک نیتشە- دەڵێ (مردووە). یا باشتر بڵێین ئەو خودایەی کە ئێمە لەبەرئەوەی لە مەعنەویات دوور کەوتووینەتەوە چیتر گوێمان لە دەنگی نییە.

چیرۆکی (هونەرمەندی برسێتی) بابەتێکی سادەی هەیە: پیاوێک کە دەتوانێ چل ڕۆژ خۆراک نەخوا، بڕیار دەدا بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو بە ڕۆژوو بێ، بەڵام کابرا ئەمجارە بەرگە ناگرێ و تیا دەچێ. هونەرمەندەکە پێش مردن دان بەوەدا دەنێ کە هۆی ڕۆژووگرتنی ئەوەبوو هەرگیز خۆراکی دڵخوازی خۆیی دەست نەکەوتووە.

بەلای کافکاوە هونەرمەند پێویستی بە خۆراکی گونجاوە (= کەشوهەوای گونجاو)، بەڵام کۆمەڵگای ئیمڕۆیی، ناتوانێ ئەم پێویستییەی مرۆڤ بهێنێتە دی. لە جیهانی پیشەسازیدا کەس نرخی هونەر نازانێ قەدری ناگرێ. کەواتە سەیرنییە هونەرمەند لە تەنیاییەکی رەهادا دەمرێ و کەس گوێی پێ نادا.

لە چیرۆکی (مەسخ)دا دەبینین سامسا پاش ئەوەی دەگۆڕێ بە مێروویەکی قێزەون مەیلی خواردنی نامێنێ. پاڵەوانی (هونەرمەندی برسێتی)ش حاڵێکی لەو جۆرەی هەیە. کاتێ پاش چل ڕۆژ ڕۆژوو دەچێتە سەر مێزی نان خواردن هێڵنج دەدا. ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە خۆراکی ئاسایی هەرگیز هونەرمەندی راستەقینە تێر ناکا و چاوەڕوانییەکانی ئەو لەهی خەڵکی ئاسایی جیاوازن؟

چیرۆکی (هونەرمەندی برسێتی) وەک هەموو بەرهەمەکانی کافکا رەنگدانەوەیەکی ژیانی خۆیەتی، ژیانی کەسێک کە بەدرێژایی ژیانی بەدەست بێ هاودەمییەوە ئازاری دەچەشت و لەوپەڕی تەنیاییدا وتی: «من کۆڵانێکی داخراوم.». ❖

**سەرچاوە**

.....

**گۆڤاری چیستا**، ژمارە (١٠). ساڵی پازدەیەم/ (١٩٩٨ز) ل(٨٤٠-٨٤٨).